# بوونی تۆ لە مندا

حەمە ئەحمەد جاف

تیغی تەنیایی بە تەمەنما ڕۆدەچێ و
پیرە چنارەکەی سەرچنار و
تاقەدارەکەی عەربەت
لەقووڵایی ناخی سپی تۆدا نوقمم دەکەن
ئەسمەر
بوونی تۆ لە مندا
مەشخەڵی عیشقێکی سەوز
بۆ بەهاری نیشتیمانێکی گەنمڕەنگ
دائەگیرسێنێ و
ملوانکەی سپێدەی ماچ و
حەزێکی تامەزرۆ
ئەکاتە گەردنی نەورۆزی ئەوینتەوە!
***
ئێستا ژنێکی ڕەشئەسمەر
لەم پڕ تەمەنییەمدا باوەشێکی سپی
بەڕۆحما ئەکاو
چوارپیتی ئەسمەر
لەچوارپیتی دڵسپی شیعرمدا
متوربە ئەکا!
***
ئەسمەر، ئێستا
پیرەچنارەکەی سەرچنار
غیرە لە ژوانی گەرمی نێوانمان ئەکا و
ڕوخساری خەواڵووی چەمەکەی قلیاسان
بەفرمێسکی حەسادەت ئەشوا!
تاقە دارەکەی ڕێگای عەربەتیش
لە جوانیتا ئەخنکێ و
لە شەرمی حەژمەتی ئەو عیشقەدا هەڵئەلەرزێ
***



ئەسمەر بیرتە
ژوانی نیوەڕۆیەکی گەرمی ئابی سەرچنار و
زەردەپەڕی ئێوارەیەکی نارنجی عەربەت
تۆیان لە مندا متوربە کرد و
بۆ تا هەتایە
دەرگای تەنیاییمی کلۆم دا و
پەنجەرەی عیشقێکی سەوزی بەڕوومدا کردەوە
***

گوڵم
متوربەی تۆ لەمندا
شەپۆلی سیماسۆزێکی ئەسمەری
خستە سەر چەمی پڕ قەوزەی قلیاسان و
سەرچناری عیشقێکی پیرۆزەیی
پیرۆزەیی وەک چاوەکانی تۆ
شڵپەی شەپۆلی ئەو سیما سۆزەی
بۆ من بوو بە عیشقێکی سەوزی جاویدانی
وەک عیشقی سەوزی
زولەیخا بۆ یووسف
شەم بۆ وەلی و
ئەسمەریش، بۆ پیرە شاعیرێکی
ڕووتەڵە و تینووی دۆڵی جافەتی!
***

تۆ
نەتهێشت تەنیا بم
چون دڵنیا بووم
کتێبی نهێنی عیشقی تۆ
ئەمگرێتە خۆی و
مێژووی تەمەنێکی بابردەڵە و
سەربردەی ژیانێکی تاڵ و شیرینم
پێ ئەنووسیتەوە!
***

ئێستا من
لە مێژوودا ئەمێنمەوە
ئەو مێژووەی،
زەردەخەنەی پیرە چناری سەرچنار و
سەمای تەهلیلەی سۆزێکی دەروێشی و
سێبەری ئێوارەیەکی درەنگی،
تاقەدارەکەی عەربەت و
سەبای سۆزی عیشقێکی خەیاڵیی
کردە ئەمری واقیع!
ئەو مێژووەی،
سیمای ئەسمەری
چوار پیتی گڕاوی نیشاندام
ئەسمەرێک
لە زەردەپەڕی ئێوارەیەکی نارنجی درەنگدا
چێژێکی بێ سنووری
خستە هەواری سپی سینەمەوە!
ئەسمەرێک لە دڵیا عیشق و
لە چاوەکانیا بەزەیی و
لە سیمایدا سۆزێکی ڕۆمانسی
ئەخوێنرایەوە!
***

سنەوبەرە قەزەمەکانی ئەزمڕ و
درەختە چڕەکانی سیتەک و
هاژە و لرفەی چەمی قلیاسان
هیچیان تامی
ژوانی سێبەری ئێوارەی
تاقە دارەکەی ڕێگای عەربەت و
پیرەچناری سەرچنار نادەن
چون ئەوان ڕۆحیان کردەبەر
گۆچانی تەمەنی کەنەفتی شیعر و
عیشقێکی سەوزیان تێدا چاند!
***

شۆک مەبە، شاژن
تۆ نەتهێشت تەنیا بم
شۆک مەبە، شاژن
هۆگرتم .. هۆگر
ئێستا لە سیماتا ژیان ئەخوێنمەوە
ژیانێک
عیشق و خۆشەویستی

ئەکاتە زێد و کوختێکی قوڕینی
نیشتیمانی من و تۆ!
***
دەوەرەو.. بمبەرەوە
ژوانی نیوەڕۆیەکی گەرمی ئابی،
ئەو سەرچنارەی
بۆ یەکەم جار یەکدیمان تێدا ناسی!
بمبەرەوە
بۆ ئەو ئێوارەیەی
خۆرمان لە زەردەپەڕ مارەکرد و
شەمی عیشقی (بێدارانی شەو)مان
لە شاردا تواندەوە!
***
دەوەرە و بمبەرەوە
ناو دڵی ژوانی ئێوارەیەکی سەرچنار و
ڕێگای سیتەک
ئەو ئێوارەیەی
چوار پیتی ئەسمەر
ڕۆحی ئەکردە بەر چوار پیتی سپی و
شەوان بەتاسەوە
گوێی لە گۆرانی (شەمی شەوان)ی وەلی ئەگرت و
ئەخزایە باوەشی گوێژە و
سەری ئەخستە سەر
شانی ڕەشەبای سلێمانی!
***
ئەسمەرێک
خەو بە ئەوینێکی ڕەنگاوڕەنگ و
عیشقێکی پیرۆزەیی و
ژیانێکی ئەرخەوانییەوە دەبینێ!
***
منیش لە شەوانی تەنیایی ژوورەکەما
خەونێکی سپی
بە ڕەشئەسمەرێکەوە دەبینم
بە بزەی لێو و..
چپەی ماچ و
ترپەی دڵ و
هەناسەی ئۆخەی
مەلۆتکەی شیعرم ژێر ئەکاتەوە
***
دەوەرەو بمبەرە ئەوێ
(ئەوێ)یەک لە عیشقی سەوز
بمبەوە وێ
(ئەوێ)یەک
ملوانکەی چاو سەوزی
عیشقێکی نەوسنی ڕۆمانسی
دەکاتە گەردنی زەردی ژنێکی ڕەشئەسمەر!
ئەو ژنەی،
بە بورکانی ئاگرینی چاوەکانی
شەوانی نووتەک و تەنیاییم گڕئەدا و
پیریم هەڵدەوەرێ و
گەنجیم چرۆ دەکا!
***
کە ڕۆح جەستە جێ ئەهێڵێ
شیعریش ئەگری
ئەگری بە دوای نیشتیمانی
عیشق و سۆزی ئەسمەرێکا
بیکاتە ئیلهامی شیعر و
ئەدرێسی ئەوین و سووتان!
ئەو ئەسمەرەی،
گیرفانی گوێژە و
سینەی سیتەک و
باوەشی سەرچنار و
ڕەشەبای (سلێمانی) و
کوختی قوڕینی
پیرە شاعیرێکی عاشقی
کردە چەگوارا و نیشتیمان!

١٦- ٢٠٢٢/٨/١٧ سلێمانی